# کەمکردنەوەی هەناردەی فەرشی دەستیی ئێران





هەناردەی فەرشی دەستی ئێران ماوەی ساڵێکە کەم بۆتەوە و راپۆرتەکان دەری دەخەن کە رەوتی کەمبوونەوەی هەناردەی فەرشی دەستی درێژەی هەیە. بە پێی ئامارەکانی فەرمی هەناردەی فەرشی دەستی لەساڵی رابردوو دا ١٣ میلیون دولار لەساڵی ١٣٨٤ کەمتر بووە. ئێران لەساڵی ١٣٨٤ لە شوێنی هەناردەی فەرشی دەستی ٤٦٣ میلیون دولار داهاتی بە دەست هێنابوو، بەڵام ئەو ژمارە لەساڵی رابردوو بۆ ٤٥٠ میلیون دولار کەم بۆوە. بە پێی راپۆرتەکان، کەمبوونەوەی هەناردەی فەرشی لە دوو مانگی سەرەتایی ئەمساڵەوە زۆرتر بووە. بە پێی راپۆرتی ئیلنا، هەواڵدەری حکوومەت، مێهردادی جەلالی پوور بەرێوەبەری گشتی دەفتەری هەناردە و خزمەت گەیاندنی سازمانی پەرەپێدانی تیجارەتی ئێران گووتوویەتی: کە لەدوو مانگی سەرەتای ئەمساڵەوە ڕادەی هەناردەی فەرش سەبارەت بەماوەی هاوشێوەی ساڵی رابردوو ١٦لەسەد کەمبۆتەوە. جەلالی پوور ئامارێکی لە رادەی هەناردەی فەرش لەدوو مانگی سەرەتای ئەمساڵەوە رانەگەیاندووە. هەناردەی فەرش تا سەرەتای ساڵی ١٣٨١ بە باشی چووە سەرێ، بەڵام لەساڵی ١٣٨٢ دا هەناردەکە دابەزی. بە پێی ئامارە فەرمیەکان هەناردەی فەرشی دەستی لەساڵی ١٣٨١ دا نیزیك ٥١٧ میلیون دولار بوو کە لەساڵی رابردوو دا بۆ ٤٥٠ میلیون کەم بۆوە. بەگووتەی جەلالی پوور، وەڵاتانی ئەڵمان و ئەمریکا و ئیتالیا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و ژاپۆن و کانادا و فەرانسە گرینگترین بازارەکانی هەناردەی فەرشی دەستی ئێرانن. فەرشی دەستی ئێران بە کاڵاییکی سوننەتی هەناردەی ئێران دێتە ئەژمار کە لەهەموو جیهاندا کڕیاری هەیە، بەڵام لەساڵی رابردوودا رەقیبە پاکستانی و هێندی و چینیەکان بەشێکیان لەبازاری ئێران لە جیهان گرتە دەست. ئێستا وەڵاتانی هێند و چین و نێپاڵ و پاکستان رەقیبی فەرشی دەستی ئێرانن کە بە لاسایی کردنەوە لە گەڵاڵەی فەرشی دەستیئێران توانیویانەبەشێك لەبازاری جیهانی فەرش بۆ خۆیان داگیربکەن. پەرەگرتنی بازاری فەرشی ئەو وەڵاتانە کاریگەری لەسەر بازاری فەرش لە ئێران داناوە. تا بەر لەشۆرشی گەلانی ئێران لە دژی نیزامی شاهەنشاهی، فەرشی ئێرانی نیزیك ٥٥ لەسەدی بازاری تیجارەتی جیهانی فەرشی لە ئیختیار دابوو، بەڵام ئێستا ئەو دەرسەدە بۆ نیوە دابەزیوە. پیشەی فەرشی ئێران لەپاڵ رەقیبی دەرەکیدا، لەناوخۆش لەگەڵ گرێ و گۆڵ دەست و پەنجە نەرم دەکا کە شوناسی فەرشی ئێرانی بردۆتە ژێر پرسیار. فەرشە ئێرانییەکان یان لەماڵ یان لە کارگە بچوکەکان دەچنرێ. چنینی بێ سەرەوبەرە و بەکار هێنانی مەوادی سەرەتایی لە چنینی فەرش دا هۆیێکە کە بازاری فەرشی ئێرانی دابەزاندووە. راوەستاویی نرخی ئەرز، کەمبوونی نەخدینەگی، گرانی نرخی مەوادی سەرەتایی و حەق دەستی کرێکاران و هەڵاوسان کاریگەری لەسەر دابەزینی بازاری فەرش داناوە کە نەخشی بەرچاوی لە دابەزینی بەرهەم هێنان و هەناردەی فەرشی دەستی هەبووە. رژیمی ئێران لەرابردوو دا بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە فەرش چنان، ئەوانی بیمە دەکرد و وامی بە مەبەستی زیادکردنی ڕادەی بەرهەم هێنان دەانێ. بەڵام لەو کارەی پەشیمان بۆوە و دەوامی نەبوو. بەباوەری کارناسان بەرهەم هێنانی بێ سەرەوبەرەی فەرشی ماشێنی هۆییێکی دیکەیە بۆ دابەزینی نرخی فەرشی دەستی. سەرانەی ساڵانەی چنینی فەرشی ماشێنی لەئێران دوو میتری چوار گۆشەیە کە بە باوەری کارناسان زیاد لە پێداویستی ناوخۆییە. فەرشی ئێرانی زیاتر لەماڵەکان دەچنرێن یان لەکارگە بچوکەکان، بەڵام رەقیبەکانی ئێران فەرشەکان بە شێوەی پیشەیی دەچنن. ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە نیزیکەی دوو میلیون کەس لە رێگەی چنین و تیجارەتی فەرش ژیانی خۆیان دابین دەکەن کە میلیۆنێك و دووسەد هەزار کەسیان چنیارن. رژیمی ئێران هەوڵی داوە کە بەر بە تەبلیغی کەمبوونەوەی هەناردەی فەرشی ئێران بگرێ، بەڵام هەوڵەکەی بێ ئاکام ماوەتەوە و وەك باقی پیشەکانی دیکە ئەو سەنعەتەش ڕووە وکزی و لاوازی رۆیشتووە.

# حسین شەرێعەتمەداری دەڵێ: وەڵاتی بەحرەین بەشێکە لە ئێران

لە رۆژانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی خومێنی و ئاخوندەکانەوە لە ئێران ئەو دەسەڵاتە چاوی تەماعی لە وڵاتانی دراوسێی ئێران بڕیوە. وەك دەرکەوت خومێنی لەگەڵ پەرە پێدانی بیری چەوتی خۆی و هەوڵی بۆ ناردنی لە وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت وڵاتی بەحرەین، کەژمارەییکی زۆری شێعە لێی نیشتەجێیە. هەوڵی داوە لە ڕێگەی کاریگەری مەزهەبی لەلاییك کێشە بۆ دەسەڵاتی ئەو ولاتانە پێك بهێنێ و لە ژێر ناوی ئینقلاب و نارەزایەتی حکومەت و دەسەڵاتەکان لە ناوچەیە بڕوخێنی. تەنانەت دەگوترێ لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران بەسەر رەزا شادا و هاتنە سەرکاری رژیمی ئاخوندی ، خومێنی بە یەکێك لە ئاخوندەکانی شاری نەجەفی راگەیاند کە هەوڵ دەدەین. (حجرلاسود) لە شاری مەکە بگوێزینەوە بۆ کەربەلاو کەربەلابکەینە قیبلەی موسڵمانان. بیری چەوتی دەسەڵاتی ئاخوندی لە ماوەی ٢٨ ساڵ دەسەڵاتداریان بەرانبەر بە حکومەت و وڵاتانی ناوچەکە بە ئاشکرا رایگەیاندوە زۆرجاران ئاخوندان ڕایانگەیاندوە کە دەبێ دەسەڵاتەکەیان راستەو خۆ و ناراستەو خۆ




حکومەت و فەرمانرەوایی جیهانی ئیسلام بکا. هەر بەومەبەستە، دەستەو تاقمەکان لە وولاتانی ئیسلامی هان دەدەن و یارمەتیان دەدەن ئاژاوەبگێرن و شێواوی دروست بکەن. حزب الله لە لوبنان حەماس لە فلسطین، دەستە و تاقمی الحوثی لە یەمەن، چەند تاقمە لە بەحرەین و خواروی عەرەبستان هەموو سەر بەرژیمی ئاخوندین و دەسەڵاتی ئاخوندەکان بە ئاشکرا هاوکاریان دەکەن کە ئەو کردەوە ئاژاوەگێریانەی دەسەڵاتدارانی رژیم زەرەری زۆر بە خەڵکی ئێران دەگەیێنێ و لە هەمان کاتدا دەرخەری ئەو راستیەن کە دەسەڵاتداران لە لاییك داهاتی خەڵکی ئێران و توانا سەربازیەکانیان بۆ گەیشتن بەوئامانجەیان کە دەسەڵات داریەتی جیهانی ئیسلامە بە کار دێنن. لە پێوەند بە دەخاڵەتەکانی رژیمی ئاخوندی و پاوانخوازیەکانی لە چەند رۆژی رابردوو ( حسێن شریعتمداری) راوێژکاری خامنەیی وەلی فەقیهی رژیمی ئاخوندی لە وتارێکدا لە رۆژنامەی کەیهان نوسیبوی زۆربەی خەڵکی بەحرەین خوازیاری ئەوەن وڵاتەکەیان بگەرێتەوە سەرخاکی کۆن و دایکیان ئێران، هەر لە وتاری شەریعتمداریدا هاتبوو کەبەحرەین بەهۆی ڕێکەوتنێکی ناشەرعی لە نێوان شاو دەوڵەتەکانی بەریتانیاو ئەمریکا لە ئێران جیاکراوەتەوە. بەدوای ئەو دەخالەتە راشکاوانەی رژیمی ئاخوندی و بەرپرسانی دا نارەزایەتییێکی بەرچاو وڵاتی بەحرەین گرتۆتەوە و ژمارەییکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە بەوەرێ خستنی رێ پێوان بۆ بەردەم سەفارەتی رژیم لە شاری مەنامە توورەیی خۆیان ئاشکرا کردوە، هەروەها شێخ جاسم سعیدی ئەندامی پارلمانی بەحرەین داوای لە دەوڵەتی وڵاتەکەی کردوە ڕێگەنەدا تلویزیۆنی العالمی سەربە رژیمی ئێران لە بەحرەین هەڵسوڕانی بمێنێ چونکە ئەو تلویزیۆنە، وێنەی لە چەند جەزیرەو ناوچەی بەحرەین گرتوە کە ناوچەی قەدەغەکراون. رۆژنامەی ( الوطن) ی بەحرەینیش لەوتارێکدا بە نوسینی یوسف مبارەك، هێرشی توندی کردۆتە سەر ئاخوند خامنەیی و نوسیویە رژیمی ئێران تەماعی زۆرەو مێژوییێکی هەیە لە پاوانخوازی دا و کردەوەکانی لەگەڵ خەڵکی ئوستانی ئەهواز و خەڵکی سوننی خراپترە لە کردەوە و رەفتارەکانی سەهیونیستەکان بەرانبەر بەخەڵکی عەرەب لەساڵی ١٩٤٨دا. لە بەشێك لەو وتارەدا هاتوە وەلی فقێ رژیمی ئێران هەرکات کێشەی ناوکەییەکەی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا دەگاتە جێگەییکی حەستەم دەست دەکات بەهەڕەشەکردن لە وڵاتانی کەنداوی فارس هەروەها (شێخ خلیفە بن احمدال احمد) وەزیری بەرگری بەحرەین لەووت و ویژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (الجزیرە) چاپی عەرەبستانی سعودی، گوتویە کێشەی سەرەکی رژیمی ئێران ئەوەیە دەخالەت دەکا لە کاروباری ئەم لاو ئەولادا،دیارە هەرمن ئەوە ناڵێم بەڵکو هەموو هاوباوەڕن لەسەر دەخاڵەتەکانی رژیمی ئێران لە کاروباری وڵاتانی کەنداوی فارس، یەمەن، لوبنان، عێراق و باقی وڵاتانی دیکە وەك ئاشکرایە رژیمی ئاخوندی سیاسەتی پاوانخوازانەی لەم هەل ومەرجە حەستەمەشدا، کە پێویستی وەزعەکە بۆ خۆی ئاڵۆزتر نەکا و لانی کەم دەست لە زیاد نەکردنی نەیاران و کێشە هەڵ گرێ بەڵام وەك دەرکەوت بوو دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی سیاسەتی سەرەکیان کە پاوانخوازی و چاوچنۆکیە لە هەر هەڵ و مەرجێکدا دەێژە پێ دەدەن چونکە ئەو نەوعە هەڵوێست و سیاسەتانەیان بەردی بناغەی کار و کردەوەیانە. ئاشکرایە کەسێکی وەك حسین شەریعتمداری و رۆژنامەی کەیهان کە خاوەن دەسەڵاتن سەرچاوەکەی لە هەڵوێست و سیاسەتی دەسەڵاتداری ئاخوندی بەتێکڕای لق و پۆپەکانیەوەیەتی.

دەبێ چاوەڕێی بین و بزانین کاردانەوەکانی رۆژانی داهاتوو لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستە تەماع کارانە و نەزانانەی رژیمی ئاخوندی چی دەبێ و ئاکامی ئەو ئابڕوچوونە سیاسەتەی ئاخوندەکان بە کوێ دەگا.